عێراق کەمکردنەوەی هێناردەکردنی نەوتی ڕاگەیاند

لە بەیاننامەیەکدا وەزارەتی نەوتی عێراق، دوێنێ پێنجشەممە ڕایگەیاندووە، هەناردەکردنی نەوتی عێراق بە 3 ملیۆن و 300 هەزار بەرمیل لەو ڕۆژەکدا کەمدەکرێتەوە، بەیارەکش لە ڕۆژی 27ـی مانگی ڕابردووەوە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

وەزارەتەکە ئاماژەی بەوەشکردووە، بەیارەکە لە چوارچێوەی پابەندبوونی عێراق بە بەیارەکانی گروپی (ئۆپێک پڵەس) هاتووە، هەروەها بەیارەکە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی نەوتی ناوخۆش دەگرێتەوە.

ئەوەشی خستڕوو، لە هەنگاوێکی دیکەدا عێراق ڕۆژانەندی دەربەیوە لەسەر درێژکردنەوەی کەمکردنەوەی بەرهەمی زیادە کە 2.2 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژەکدا تا کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵ بە هاوکاری حەوت وڵاتی دیکەی ئەندامی گروپی ئۆپێک پڵەس، ئەم ڕەوشوێنەش ئامانجی بەدەستهێنانی هاوسەنگی و سەقامگیرییە لە بازاڕی نەوتی جیهانیدا.